### جەوهەر مەحموود ئاغا:

# وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بێ، باشترینە.. کێشەی زۆربەی وەرگێڕەکانیش نەخوێندنەوە و بێ ئاگاییە لە کتێبە خۆماڵییەکان.

ئا: ژیڤان خۆرانی



وەرگێڕان یەکێکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ، کە هەتا هەتایە و تا دنیاو مرۆڤ بمێنێت، پێویستە و دەمێنێت، چونکە تا ژیان بەردەوام بێت، وەچەی نوو و ڕەگەزی نوێ دێنە بوونەوە، منداڵ زوانی دایکی دەگرێت، وەلێ جگە لە زوانی دایکی، زوانەکانی تری دنیا پێی نامۆن و تێی ناگات. لە پاڵ ئەم واتە سەرزارەکی و سادانە، مامۆستا جەمال نەبەز گۆتەنی "وەرگێڕان هونەرە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە هونەرێکە بۆ خۆی، هیچی لە چیرۆکنووسین و شیعرگوتن و ڕەخنەگرتن کەمتر نییە، کەواتە ئەوەی پارچە نووسینێک وەردەگێڕێ، دەبێ دەستێکی باڵای لە هونەری وەرگێڕاندا هەبێ، ئەگینا لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت."، بە واتایەکی دیکە وەرگێڕان شارەزایی و پسپۆڕییە لە هەردوو زوان، گەرەکە وەرگێڕ زوانی دایک و ئەو زوانەی بۆی وەردەگێڕێت، یان لێی پاچڤە دەکات، چەشنی یەکدی تێیاندا لێزان بێ، زاراوەی بابەتەکان بە تەواوی بناسێ، گرێی زوان و ئایدیۆلۆجی لە کانی ئازاد ئەندێشیدا بکاتەوە و بشواتەوە. پاش کۆمەڵێ تێبینی تر، پێویستە ڕەچاوی سپاردەی زانستی بکات، دواجار ئێژن وەرگێڕ وەچەکوێر حەساوە و خەریکی لاواندنەوە و ژیرکردنەوەی کۆرپەی خەڵکی ترە!

جەوهەر مەحموود داراغا لە دایکبووی ١٩٤٣ قەرەداغە، ئێستە دانیشتووی شاری توولوزی وڵاتی فڕەنسایە، چەندان کتێبی گرنگی وەک (شەڕ و ئاشتی، قومارچی، قەموورەکەی نۆتردام، تیریزا باتیستا و هەزارویەک شەوەی بە تیرازی ٣٥٠٠ دانە) وەرگێڕاوە، لەم دیمانەیەدا سەبارەت بە وەرگێڕان، وەڵامی چەندان پرسیارمان دەداتەوە.

* وەرگێڕان چییە و بە کێ دەوترێ وەرگێڕ؟

– گواستنەوەی (دەق)ـە، ئیدی ئەدەبی بێت، یان هەر ڕەهەندێکی تر لە زمانی سەرچاوەی لێ وەرگیراوەوە، بۆ ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت، لە هەمان کاتدا گواستنەوەی دنیابینی و فەلسەفە و شارستانەتی باو و نەریتی خاوەن دەقی یەکەمە.

منیش پیم وایە سێ جۆر وەرگێڕان هەیە:

**یەکەم نووسینەکی:** ئەو دەقە وەرگێڕدراوانەن کە چاپ دەکرێن، وەک چیرۆک و ڕۆمانەکان.

**دووەم وەرگێڕانی زارەکی:** وەک ئەو وەرگێڕانانەی بۆ پێکگەیشتنی سەرۆکی وڵاتە جیاوازەکان دەکرێن، یان ئەو وەرگێڕانانەی بۆ پەنابەرەکانی نێو دادگای وڵاتانی ئەوروپا دەکرێن.

**سێیەم وەرگێڕانی وەک خۆی:** وەک وەرگێڕانی دەقی کتێبە ئاسمانییەکان و یاسا و بیردۆزەکان. خۆ هەمووان ئەوە دەزانن، سەختترینیشیان وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، کە فرە لەبەردڵان نییە.

ئاخر وەرگێڕان، گواستنەوەی بیر و دنیابینی و شێوازی نووسەری دەقی لێ وەرگیراوە. (جۆرج ستاینەر)یش لەم بارەیەوە گوتوویەتی: وەرگێڕان لە شێوەی ئەم سێ شێوازە دەرناچێت: یان وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، یان تێگەیشتنی دەق و دووپاتە داڕشتنەوەیەتی بە شێوازی وەرگێڕ خۆی، یان داڕشتنەوەیەک کە لە کاتی گواستنەوەی دەق لە زمانی لێ وەرگیراوەوە بۆ زمانی بۆ وەرگێڕدراو، زۆر بە وردی ڕەچاوی دەستپاکی تێدا کرابێت. وەرگێڕان هونەرە و ئەدەبێکی سەربەخۆ و جیاوازە، پشت بە سووسەی دەروونی وەرگێڕ دەبەستێت! کاری وەرگێڕان خۆی سەلیقەیە، توانایی کەمکردنەوەی جیاوازی دوو دەقە، دەقی لێ وەرگیراو و دەقی بۆ وەرگێڕدراو. پێم وایە: وەرگێڕە سەرکەوتووەکان ئەوانەن: ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەیان لە کاتی کارەکەیاندا، پێ دەستەبەر دەبێت.

* تۆ چ پێوەرێکت بۆ زمان زانین دیاری کردووە؟

– من ئەم پرسیارەم بەم شێوازە، پێ باش نییە! چونکە من پێم وایە، زمان زانین لە خۆیدا سنوورێکی گشتگیری نییە، تا بە هۆیەوە داوەری بکەین، بەڵام پێم وایە مەحاڵە وەرگێڕی ڕۆشنبیر بوێریی ئەوەی هەبێت، دەست بۆ دەقێک بیات، ئەگەر زمانی ئەو دەقەیش وەک زمانی بۆ وەرگێڕدراو نەزانێت! ئەگەر وەرگێڕ، ڕۆشنبیرییەکی گشتی لە بارەی کولتوور و ئیدیۆم و نەریتی کۆمەڵگای خاوەن دەقەکەوە نەبێت، ئەوە ناتوانێت کار لەسەر ئەو دەقە بکات، مەگەر لە وڵاتێکی بێ سنوور و بێ ڕەخنە و بێ چاودێری و فلتەر، بێ وەزارەت و داوودەزگای ڕۆشنبیریی وەک لای خۆمان، کارەکە پێچەوانە ببێتەوە. ئاخر بە نەبوونی ئەم داوودەزگا ڕۆشنبیرییانە، چاپ و وەشاندن دەکەوێتە دەستی کەسانی ناڕۆشنبیری بازرگان و مشەخۆر، چاپخانە نابەرپرسەکان، بە نەبوونی بە دوداچوون بۆ ئەو یاسایانەی پاراستنی مافی نووسەران و وەرگێڕان و سەندیکای چالاک، کاری ڕۆشنبیری دەشێوێ و ڕەوتەکە تووشی بەدواداهاتن دەبێت. تاوانی ئەم پاشاگەردانییە دەخەمە ئەستۆی حکوومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری، شۆڕ دەبمەوە بۆ دەزگاکانی چاپ و وەشاندنی ئەهلی. ئەگەر لێیشم بپرسن بۆچی (ڕەخنە) بوونی نییە؟ دەڵێم چونکە ئێمەی نووسەرانیش وەک تێکڕای کۆمەڵگای خۆمان، فێر نەکراوین یەکتر قبووڵ بکەین! پێمان وایە لووتکە ئەوەیە بەوسەری پەیژەوەیە و جێی زیاتر لە کەسێکی تێدا نابێتەوە! هەوڵ دەدەین لە باڵای بەرانبەرمان ببڕینەوە، تا بەرانبەرەکەیشمان وەک خۆمان قەزەم بێت، هەوڵ نادەین خۆمان باڵا بکەین، بۆ ئەوەی بە باڵای بەرانبەرەکانماندا بگەینەوە! ڕەخنەی ئەکادیمی باگراوندێکی ڕۆشنبیریی دەوێت و ڕۆشنبیرییش بە خوێندنەوە و بەدوداچوون نەبێت دەستەبەر نابێت، زۆرینەی ڕۆشنبیرانیش بوێری ئەو کارەیان نییە، بۆیە ڕەخنەی ئێمە چێوەی تەسکی شەڕەجنێو تێناپەڕێنێت.

* ڕەوشی وەرگێڕان بە گشتی لە زمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی چۆن دەبینی؟

– ئەگەر کەسانی پسپۆڕی بواری هونەری وەرگێڕان، سنووری سەد ساڵ بۆ لێکۆڵینەوە دابنێن، ئەوە ڕەنگە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) بە یەکەم چواریەکی ئەو سەدەیە، سەرەتای گوژم و تاودانی ڕەوتەکە دابنێین! ئاخر خۆ فەلسەفەی ژیان و هزری دانیشتوانی ئێراق بە هەرێمەکەی خۆشمانەوە، بۆ ماوەی لانی کەم (٣٥) ساڵ، بارگاوی بوو بە بیروباوەڕی تاک حزبی و دیکتاتۆرییەت، کاتێکیش ڕاپەڕین بەرپا بوو، ئێمە کەوتینە بەر لێشاوی ڕۆشنبیری و دنیابینی وڵاتانی ئەوروپای پەرەگرتووەوە. سنوورمان واڵا بوو! بەهۆی کاری وەرگێڕانەوە پەنجەرەکانی ڕوانین بۆ کولتوور و ڕۆشنبیری و فەلسەفەی ئەوروپا کەوتنە سەرپشت، ئێمەی بندەستەیش زۆر

تامەزرۆ و تینووی فەلسەفە و دنیابینی کۆمەڵگای ئەورووپا بووین، چونکە کتێبخانەکانیشمان هەژار و نەدار کرابوون. من ئەمەم لە پێشەکی هەندێک لە کتێبەکانمدا نووسیوە.

کە وایە وەرگێڕان ئا بەو لێشاوە بە گوژمە چاوەڕوان کراو بوو، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە: بۆچی ئەم پاشاگەردانییە پتر لە چارەکە سەدەیەک درێژە بکێشێت؟ بۆچی ڕۆشنبیران و دەزگاکانی وەشاندن و چاپخانەکان، ڕێگری لەم زۆر و بۆرییە ناکەن؟

* تۆ چەند زوان دەزانیت؟ بە چەند زوان وەرگێڕانت کردووە؟

– زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کەمێک فەڕەنسی دەزانم. بەم دواییانە و بەهۆی مانەوەم لە فەڕەنسا، دبلۆمێکیشم لە زمانی فەڕەنسیدا هێنا، بەڵام هێشتا بوێریی ئەوەم نەبووە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕان بکەم. بە زمانی فەڕەنسیش و بە یارمەتیی هەواری کچم، کە ئەویش (١٥) ساڵێکە نیشتەجێی وڵاتی فەڕەنسایە، سەرەڕای ئەوەی خوێنەرێکی باشە و بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، بڕوانامەی کۆلیژی زمانی فەڕەنسیشی لە وڵاتی فەڕەنسا بە دەست هێناوە، توانیم بە دوو قۆڵی و لەگەڵ هەواردا، ئەو ئەزموونەیش بکەم و ڕۆمانی "کلیلەکەی سارا" بکەینە کوردی، بەڵام هەموو وەرگێڕانەکانی تر، لە زمانی عەرەبییەوە بووە. ئاخر خوێندنی من لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە بوو، ئەو دەمەیش خوێندنی کوردانیش تەنیا بە زمانی عەرەبی بووە!

**ئەگەر وەرگێڕ ڕۆشنبیرییەکی گشتی لە بارەی کولتوور و ئیدیۆم و نەریتی کۆمەڵگای خاوەن دەقەکەوە نەبێت، ئەوە ناتوانێت کار لەسەر ئەو دەقە بکات.**

* زوان زانین مەرجە بۆ وەرگێڕان؟ بەڕای تۆ ئەوەی زوانێک بزانێت، دەتوانێت دەست بداتە وەرگێڕان؟

– زمانی ناو دەم لە وەرگێڕانی نووسینەکیدا ڕۆڵی نییە! بەڵام زمانی گوزارشت، بێ گومانم لە مەرجە سەرەکییەکانە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ زمانزانییەکە، بە هێندەی زمانی ئەو دەقەیە کە نیازە وەربگێڕدرێت؟ ڕستە و گوزارشتەکان لە باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی هەمەلایەنەیەکی وادا دەخەملێین بارتەقای ئاستی ڕۆشنبیری و توانایی دانەری دەقی یەکەم و نووسەرەکەی بێت؟ ئاخر ناکرێت وەرگێڕەکان خوێنەر نەبن! ناکرێت لە چاپکراوە نوێیەکان بێ ئاگابن و کتێبخانەی ماڵیان نەبێت! ناکرێت نەزانن کتێبخانە گشتییەکان کەوتوونەتە کوێی شارە چکۆلەکەی خۆیانەوە! ناکرێت ئامادەی زۆرینەی کۆڕەکان نەبن! چۆن دەبێت وەرگێڕ پەرە بە توانستەکانی خۆی نەدا، هێشتەیش کاری بە کۆمپیووتەری پێ نەکرێت! ئەگەر باگراوندی ڕۆشنبیریی وەرگێڕ فرە ڕەهەند نەبوو، گومان لە بەرهەمەکانی دەکرێت. من لە وەرگێڕانی کتێبێکی میوزیکدا سەرکەوتووتر دەبم، ئەگەر زانیاریم لەسەر ڕیتم و نەزم و ئیقاع و تۆنەکان هەبوو، بۆیە پێم وانییە کە لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆدا، تەنیا زانینی کەم تا کورتی زمانێکی تر، بوار بۆ ئەو کارە گرنگەی وەرگێڕان بڕەخسێنێت.

* ئایا گرنگە وەرگێڕ بابەتێک، دەقێک، یان کتێبێک وەر بگێڕێت، کە لە جیهانبینی خۆیەوە نزیک بێت؟

– بەڵێ من پێڕەوێکی باشی ئەم بۆچوونەم کردووە، ناچاریش نەبوومایە لە دوو هەزارەکاندا، خۆم شیعرەکانی نێو شاکارەکەی (هەزار و یەک شەوە)م نەدەکرد بە کوردی، پەنا بردنیشم بۆ بڕێک قەسیدەی شاعیرانی خۆمان، بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچوونەمە.

* ئەگەر وەرگێڕ سەروکاری لەگەڵ ئەدەب هەبێت، ئایا دروستە دەست بۆ وەرگێڕانی نووسینی فەلسەفی و بوارەکانی دیکە ببات کە ڕەنگە هیچی لەبارەی دەستەواژەکانییەوە نەژنەوتبێت؟

– من لەوە بێ ئاگام کە پسپۆڕیی خوێندکارانی زانکۆکان و بە تایبەت زانکۆکانی هەرێم، وا کەوتبێتەوە کە لە بواری بەرتەسکی ئەدەبدا چڕ بووبنەوە. خۆ ئەوەیشی کتێبی "الدیالكتیكیة المادیة"ی خوێندبێتەوە دەزانێت کە کۆی شتەکانی زەوی، لێک دابڕاو نین! بەم پێیەیش من وای دەبینم باشترە وەرگێڕ بژاردەی شیاوی خۆی هەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕۆشنبیری، زیاتر لە پێناسەیەک هەڵدەگرێت، پێناسەکانیش هەر جارە و لە منداڵدانی سەدەیەک، یان چەند سەدەیەکەوە لە دایک بوون، بۆیە من تا ئەم سەردەمەی خۆم، پێم وایە: ڕۆشنبیریی بریتییە لە بوونی زانیاری گشتی لە بارەی کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوە، پسپۆڕ بوونیش لە بواری

حەز و ویستی کەسەکە خۆیدا، بۆیە من نەبوونی ئەم ڕۆشنبیرییە بە میکرۆبی پووکانەوەی بەرهەمی وەرگێڕدراو دەزانم. دەبێت بیریشمان نەچێت ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە وەک ئەو دەریایەی لێ هاتووە کە هەرچییەکی بۆ فڕێ بدرێت، لە خۆی دەگرێت!

* زوان پاراوی و دەکار بردنی وشەیەلێ، کە کوردی نین، خۆ ئەگەر کوردێنرابێتیشن، گەلێک ئێسک قورسن بە نموونە: وشەی (میناک)، (موبەق) بۆ (مەتبەخ)، تا چەند وەرگێڕی کورد گرنگی بەم بابەتە بدات؟

– لە ئێستای دۆخی زواندا، دوو بەرە هەست پێ دەکەم:

**بەرەی یەکەم:** کۆنەپارێزن و فرە وە خەمی ڕەسەن بوونی زمانەکەی خۆیانەوەن! ئەم کۆنەپارێزانە پێیان وایە نابێت سیمای گشتی و ڕەسەنی زمان، بشێوێنرێت! کار لەسەر ڕزگارکردنی زاراوە ڕەسەنەکان و بووژانەوەیان بکرێت، منیش تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم بۆچوونەیاندام، ئاخر ئێمەی کورد وەک کیانێکمان نییە، حوکمڕانانێکی نەتەوە و زوان پارێزیشمان نییە! دواجار نە خاوەنی دەقێکی وەک قورئانین و نە کاریشمان لەسەر زمانێکی یەکگرتوو کردووە! ئێمەیەک کە زمانەکەمان لە هۆیە سەرەکییەکانی مانەوە و نەتوانەوەمانە!

**بەرەی دووەم:** بڕوایان بە نوێ بوونەوەی زمان هەیە، ئەم بەرەیە لەم نەوە نوێیەدا دەبینمەوە، وەرگێڕە گەنجەکان! ئاخر ئەم بەرە نوێخوازەیش پێیان وایە، ئەگەر کۆنەپارێز بن، ئەوە زمانی کوردی کە زمانێکی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و بە بەراورد بە نەتەوەکانی دوور، دواکەوتووە، چەق دەبەستێت و بە ڕەوتی ویستی کورد خۆیدا ناگاتەوە! بۆیە بەهۆی وەرگێڕدراو و نووسین و دەقە ئەدەبییەکانیانەوە، دەرگایان بەسەر زاراوە و کولتووری نەتەوەکانی تردا واڵا کردووە، بگرە کارەکەیان گەیاندووەتە داتاشینی دەیان زاراوەی نازانستییانە و ناقۆڵایش! کە من پێم وایە ئەوەیشیان هەر بە دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەیان لە قەڵەم دابێت! لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا ئەم ڕەوتە سەری هەڵدا، کار گەیشتە ئەوەی کە (فیشقەدەرە) بۆ (کۆکا کۆلا) و (ڕەپی ماخۆلان) بۆ (پۆلیسی هاتوچۆ) و (پلێتە) بۆ (خەتی تەرفیعی پۆلیس) دابنرێت و... زاراوەی میناک و ناندین و...تاد ناوچەیین و ڕێگرن لە دروستبوونی "زمانی ستاندارد"، بەڵام من ئەمەیان لە داتاشینە هەڕەمەکییە بێ بنەماکە بە باشتر دەزانم!

نەگونجانی منیش لەگەڵ ئەم بەرەیە ئەوەیە کە وەرگێرانی ئەم بەرەی دووەمە، زۆر خۆیان ماندوو ناکەن و بە گەڕان بۆ زاراوە کۆنەکان و دەقە ئەدەبییەکانی بەرەی یەکەم ڕەت دەکەنەوە، بگرە جاروبار سووکایەتیش بەو دەقانەی کۆنەپارێزانیش دەکەن! بەمەیشەوە نەوەستاون و وەدووی زمانی سەقەتی هۆبەکانی ڕاگەیاندنی هەرێم کەوتوون، ڕستەکانیشیان بێ بەزەییانە و لە نەبوونی کەسانی ڕەخنەگردا، شێواندووە! ئەگەرنا بەکاربردنی (ئەنجامداوە) لە کام دەقی کۆنەپارێزاندا هاتووە؟

زمان پردی گەیاندنە و خۆینی دوژمنی لەسەر نییە! ئاخر خۆ وشە بیانییەکان لە زمانی داگیرکارانیشدا هەن و بە نموونە لە تابلۆی زۆر لە کۆگاکانی ئەم فەڕەنسایەیشدا نووسراوە (بازاڕی فلان) و زاراوەی بازاڕ هەمان مانای کوردان دەبەخشێت و بە ژمارە (٢)یش دەڵێن (دوو)!، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە یەکێکە لە پێنج دەوڵەتە هەرە زلهێزەکان!

* پێت وایە وەرگێڕدراوەکان، وشە و زاراوەی کوردییان تێدا زیندوو دەکرێنەوە؟ ئێوە کارتان لەسەر ئەو بابەتە کردووە؟

– بەڵێ دەکرێت کار لە سەر زیندووکردنەوە و هێنانەوەی وشەیلی ڕەسەنی کوردی لە کاری وەرگێڕاندا بکرێت! بە تایبەتی وەرگێڕە بە سەلیقەکان، لەو جۆرانەی، کە خەمی زمان و کولتووری نەتەوەی خۆیان لە کۆڵ ناوە! من ئێستایش ناوەناوە دەچمەوە سەر دەقە وەرگێڕدراوەکانی کەسانی کۆنەپارێزی وەک: (هەژار) و (دایە و باوە کێ خراوە)کەی و بە دیار ئەو وەرگێڕانە و ئەو کوردییەیەوە سەرسام دەمێنم! پێشەکی فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) و (توحفەی موزەفەرییە)، وەرگێڕانەکان لە زمانی ڕووسییەوە، لە ئەوانەی (جەلال تەقی) و (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)! ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە گەواهی کوردیزانی و نەتەوە و خاکپەرستی ئەو خامە ڕەنگینانەیە! خۆزگە ڕۆشنبیرانی گەنج و کەم ئەزموونیان، جاروبارێک بەرەو دوا دەبوونەوە و سەرێکی دڵسۆزانەیان لەو کەڵە نووسەر و وەرگێڕە کۆنەپارێزانەیش دەدایەوە!

* وەرگێڕان لە زمانی سێیەم و چوارەمەوە دوورکەوتنەوە نییە لە مەبەستی بنووس؟ دەق تام و چێژی خۆی لەدەست نادات؟

– به گوێرەی ئەو بیروڕایانەی لە بارەی وەرگێڕانەوە خراونەتە ڕوو، ئەو ئەزموونەی خۆم هەمە: وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە، باشترینە، بەڵام بۆ وەرگێڕە بە توانستەکان و خاوەن ئەزموونەکان. خۆ زانینی زمانی بۆ وەرگێڕدراویش هیچی کەمتر نییە لە زانینی زمانی لێ وەرگێڕدراوەوە! ئاخر خۆ کوردی نەزانینیش بە بڕێک دەقی وەرگێڕاوی وەرگێڕەکانمانەوە بە ڕوونی دیارە، لەبەر ئەوە وەرگێڕی زمانی بۆ وەرگێڕدراوی زمان نەزان و کەم ئەزموون و ڕۆشنبیری، لە خۆیدا نیوەی کێشەکەیە! بۆیە بێ گومان بن، زۆرینەی چێژی دەقەکە ون دەبێت، بەشە کەمەکەیشی کاڵ دەبێتەوە!

* لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ناو سەدەی (٢١) هەرایە و کەس بە کەس نییە! وەرگێڕان لە کوردستاندا، ڕووی لە زۆروبۆری نەکردووە؟

– زۆری و بۆری کێشەی باو و بەربڵاوە! ئەم دیاردەیەیش لێکەوتەی خراپی بەسەر خوێنەرانەوە جێ هێشتووە. سەرنجتان بۆ ئەو زۆری و بۆر بوونەی دۆبلاژی کەناڵە لۆکاڵییەکان و زمانە کوردییە سەقەتەکانیان و ئەو ڕادیۆ هەژارانەی کە هەر بە دوکانی سیدی فرۆشەکان دەچن، ڕادەکێشم، ئەو زمانە پڕ لە هەڵەیەی بەرهەمە دۆبلاژ کراوەکانیان، بەو فۆنەتیکەی نەتەوەکەی خۆیانی پێ دەدوێنن! ئاخر کە کاری ڕژدی لەسەر سەرمایەگوزاری لە بواری کاری چاپ و وەشاندنەوە نەکرا و کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکەدا نەبوون، ئەم زۆروبۆر بوونە دەبێتە دیاردە! بەڵام هەست دەکەم ڕۆشنبیرانی ئێستا، هەستیان بە بوونی ئەم زۆروبۆر بوونە کردووە، زۆرینەیان بە دوای بەرهەمی وەرگێڕە باش و خاوەن سەلیقەکان وێڵن و پێم وایە ئەم کاری دیدارەی بەڕێزیشتان لە خۆیدا لەو هەست کردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە. ئای لە جوانی و پڕ مانایی ئەم بۆچوونەی "ڕەسووڵ حەمزەتۆف" کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی "داغستانی من"دا نووسیویەتی: من دەمەوێت ئەو دەقەی دەینووسم، هێندە جیاواز بێت کە هەر وەک کۆترە سپییەکی نێو ئەو پۆلە کۆترە شینکەیە بێت، کە لە شەقەی باڵیان دا، تا لە چاو ون دەبێت بناسرێتەوە!"

* ڕۆڵی وەرگێڕان لە ناساندن و ئاشناکردنی کولتوور و بیرە جیاوازەکان لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی باشوورەوە چی بووە؟

– وەرگێڕان لە هەموو سەردەم و جیوگرافیایەکدا پردێکی سەرەکی و چالاکی گەیاندنی کولتوورە جیاوازەکان بووە لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا! بۆیە هەموو حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەستیان لە بینەقاقای کتێبدا بووە، کوردیش لەو تاساندنی کتێب و وەرگێڕان و سەرچاوەکانیدا بەدەر نەبووە. یەکەم وەزارەتێک کە بە بیانووی داڕووخانی ئابووری هەرێمەوە، بوجەکەی بڕدرا، وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو. کۆمەڵگایەکیش هەست بە زیانەکانی پەککەوتنی خوێندن و برسی بوونی مامۆستایانی نەکات، بێ گومان منداڵەکانیشی هەست بە کاریگەریی لەکار کەوتنی وەزارەتە ڕۆشنبیرییەکەیشی ناکات! کە وایە بە تەنگەبەربوونەوەی ئەو پردە سەرەکییەی وەرگێڕان، بەر بە پەرەی کۆمەڵایەتی دەگیردرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا سەری پێزانین بۆ وەرگێڕەکان نەوی دەکەم، کە ماندوو نەناسانە، ئەو هەموو کتێبانەی بێگانەکانیان بۆ زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕاوە و هەستیان بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی خۆیان کردووە. پێشم سەیرە، تا هەنووکە پەیکەرتاشێک ڕانەپەڕیوە و لە هەستکردن بە ڕۆڵی وەرگێڕە بەڕێزەکانەوە، پەیکەرێکی شایستە لە پارکێک، یان شەقامێک، یان بەردەمی کتێبخانەی گشتیی شاری ڕۆشنبیری، یان پایتەختی هەرێم چەسپ بکات!

**وەرگێڕان گواستنەوەی دنیابینی و فەلسەفە و شارستانیەتی باو و نەریتی خاوەن دەقی یەکەمە.**

* هەندێک لە خوێنەران پێیان وایە: وەرگێڕە کوردەکان، خوێنەرانی خۆیان بە گەلۆر دەزانن، بەوەی لە کنیان گرنگ نییە چی وەردەگێڕن؟ گرنگ ئەوەیە نێویان بچێتە سەر بەرگی کتێب و کەمە داهاتێک لە وەشانخانەکان وەرگرن؟

– زاراوەی گەلۆر، پەسەندی من نییە، بە تایبەتی بدرێتە پاڵ خوێنەران و ڕۆشنبیران، ئەگەر بە وردی بە ساڵی چاپ بوونی نۆبەتی یەکەمی ئەو کتێبە وەرگێڕدراوە ئاست نزمانە دابچیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە لە ساڵەکانی بەر لە (٢٠١٤) و پێشوتر زۆروبۆر دروست بووە! ئەمەیش سەیر نییە، چونکە پارەیەکی مفتی فرە ڕێژرا بوو، کەسانێکی کارامە لەو وەزارەتی ڕۆشنبیرییەدا نەبوون، لیژنەی زوانەوانی و هەڵەبڕی و لێ پێچینەوەی کارا نەبووە. وەک زووتر وتم پێویستە وەرگێڕ

ڕۆشنبیریش بێت، ئەمەیش هۆیەکی تری لاوازی کتێبەکانی ئەو سەردەمەیە، بەڵام دواتر وەشانخانە ئەهلییەکان بەو شێوەیە پارەیان نەڕشتووە. من تەحەدا دەکەم ئەگەر نووسەر و وەرگێڕێکیشت بۆ بدۆزرێتەوە، ناوەندەکانی وەشاندنی ئەهلی و خاوەن چاپخانەکان، مافیانی نەخواردبێت! کەوابوو زۆر لەو کتێبە وەرگێڕدراوانە بەر ئەو بێ سەروبەری بەخشینەوەی پارانە کەوتووە. بیرمە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، لەگەڵ شاعیری منداڵان: "ئەحمەد حسێن ئەحمەد" دوو جاران خۆمان بە نووسینگەی وەرزە گۆڤارێکدا کرد، بۆ وەرگرتنی حەقدەستی کورتە چیرۆکێکی من و نووسینێکی ئەو هاوڕێیەم، بە گیرفانی بەتاڵەوە گەڕاینەوە و کۆڵی هاتوچۆ کردنەکەیشیان پێداین، بۆیە سەرلەبەری ئەو پرسیارەم پێ باش نییە، پێم وایە غەدر لە خوێنەر دەکرێت.

* بۆ پرسی بەرەو پێش چوونی وەرگێڕان لە کوردستاندا، چی بکرێت؟

– وەرگێڕان ئەو ژانرە گرنگەی مرۆڤ، لە خۆیدا دەلاقەی ڕوانینی خوێنەرە بە ڕووی کۆمەڵگەکانی گۆی زەوی، بۆیە کارکردن لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگە، کارکردن لەسەر وەرگێڕان دەسەپێنێت، وەرگێڕانیش سنووری نییە، فەلسەفە و زانست و ئایدیاکان و پەروەردە و... تاد دەگرێتە خۆ. ناکرێت هەموو کۆمەڵگەکان یەک زمان کۆیان بکاتەوە، وەک میوزیک و نمایشەکانی پانتۆنایم بێ ورتە لە نێو خۆیاندا لە یەکتر بگەن! هێشتایش تەکنۆلۆژیا ماوەکانی نێوان وڵاتانی هێندە کورت نەکردووەتەوە، تا لە یەکتر بگەین. لێرەوە مەزنیی کاری وەرگێڕان و بەهای وەرگێڕەکان دەردەکەوێت. پێشکەوتنی وەرگێڕان بەندە بە چەند ڕێ خۆشکارییەکەوە، گرنگترینیان بە لای منەوە: لە ئەستۆی دەوڵەتە، ئاخر کڵۆڵی نەتەوەکەمان لەوەدایە، سەرمایەدارانمان خۆیان ڕۆشنبیر نین و زۆرینەیان بارتەقای سامانەکانیان، ماندوو نەبوون! بۆیە ئامادە نەبوون و نابن، سەرمایەگوزاری لە بواری چاپ و وەشاندندا بکەن. هاندان بۆ نووسەران و وەرگێڕان نییە، تا ئێستایش ئەو توێژە بەهرەمەندە، ماندووی ڕاکردنن بۆ دیوەخانی ئەم وەشاندنخانە و چاپخانە و ئەوانی تر! پێت سەیر نەبێت کە ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمەی بە نێوی (أ.ب هەوری) خانووەکەی خۆی فرۆشت و خێزانەکەی بردە خانووی کرێ، تەنیا بۆ چاپکردنی یەک کتێبی خۆی، دواجار مایەپووچیش بوو و بڕی تێچووی کتێبەکەیشی دەست نەکەوتەوە! گۆڕینی سەرلەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە و بایەخدان بە کتێبخانەی قوتابخانەکانی کوردستان، هۆیەکی تری بەرەو پێشچوونی وەرگێڕانە. گەڕانەوەی شکۆ بۆ نووسەران و بیرمەندان و هونەرمەندان، پاککردنەوەی ئەم ناوەندە لە دەستی حزبیەلی کوردستان. هێنان و بەردەست خستنی نوێترینی ئامێر و دەزگاکانی چاپ. لاساییکردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە دانانی چەندان کتێبخانەی بچووک و مامناوەند لە پارک و باخچە گشتییەکاندا و بە خۆڕایی کردنی کتێبەکانی ناوی. پشتگیری کردنی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی لە بواری بە کولتووورکردنی خوێندنەوەدا کار دەکەن. لە وڵاتی میسر و قاهیرەی پایتەخت (المركز القومي للترجمة) و (المنظمة القومية للترجمة) لە بەیرووت و (المركز الوطني للترجمة) لە وڵاتی توونسی ڕووبەر بچووک هەیە و لای خۆمان، سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری کراوە! بە بڕوای من ئەمانە بڕێک لەو هەنگاوانەن، کە پەرە بە بواری کتێب و وەرگێڕان و خوێندنەوە و بە کولتوورکردنی خوێندنەوە دەدەن.

* چۆن بابەتێکی ئەدەبی وەربگێڕین؟

– ئەم پرسیارە هەر ئەو هەویرەیە، کە ئاو زۆر دەکێشێت! بەڵام من بۆ خوێنەرانم چڕی دەکەمەوە. هەر وەرگێڕێک دنیابینی و سەلیقەی تایبەتی خۆی هەیە. من بەم شێوەیە کار دەکەم:

**یەکەم:** سەرەتا بیر لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەکەمەوە، گونجاندنی لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشبردنی ئەو کۆمەڵگەیەی، بۆی وەردەگێڕم.

**دووەم:** بە پێزیی بابەتەکە.

**سێیەم:** بە باکگراوندی ڕۆشنبیریی خۆمدا دەچمەوە و ئەوەی بە خۆماڵی پێی دەڵێن، تا چەند بەسەر بابەتەکەدا زاڵم.

**چوارەم:** تەقەللا دەدەم ئەو دەقە بە وەرگێڕانی چەند وەرگێڕێک، بخەمە بەردەست و بە هێندەی توانایی خۆم، سوود لە وەرگێڕانی زمانەکانی تریش وەردەگرم.

**پێنجەم:** بە شوێن فیلمەکەیدا دەگەڕێم، ئەگەر بە فیلم کرابوو، ژێرنووسیش کرابوو باشتر. بۆیشم لوا سەردانی شوێنی ڕوودانی ڕۆمانەکە دەکەم. ئاخر بۆ ڕۆمانی

قەمموورەکەی نۆتردام، چوومە پاریس و نێو کڵێسا کۆنەکەی نۆتردامەوە. زووتریش دانیشتبووم بە دیار فیلمە ژێرنووس عەرەبی کراوەکەیەوە. بۆ شاکارەکەی "شەڕ و ئاشتی"ی تۆلستۆی، بۆ ماوەی پتر لە پێنج سەعات بە دیار فیلمەکەوەی دانیشتم! لە پاریسی پایتەخت، بۆ سەر گۆڕەکەی ناپلیۆنیش چووم. بۆ وەرگێڕانی شاکاری "بێنەوایان" بە دیار فیلمی ڕەش و سپی "البوساء"وە دانیشتم، کە تێیدا "فەرید شەوقی"ی "دڕندەی شاشەی عەرەب"، ڕۆڵی "جان ڤاڵجان"ی پاڵەوانی سەرەکی بێنەوایانی بینیبوو. بە دوایدا هەمان فیلم بە ژێرنووسی عەرەبی بینی! بڕێک لەو شەقام و کۆڵانە دێرینانەی پاریس و ڕووبارەکەی (سێن)م بینی. بە مەبەستی سوود بینین و ڕاستکردنەوەی شاکاری "هەزار و یەک شەوە"یش دریغیم نەکردووە، بۆ سەر بەرەی چەند مامۆستایەکی دواناوەندی و پسپۆڕی زمانی عەرەبی چووم، بۆ یارمەتیدان، لە بواری شیعرە گێڕ و نالەبارەکانی نێو ئەو شاکارە و نائومێدانە دەستیان نا بە ڕوومەوە! ناچار بە دیار ئەو هەموو حەڵەقانەی زنجیرەی "حریم السلطان"ەوە دانیشتم کە ئەو دەمە لە "زی ئەفلام"ەوە پەخش دەبوو، بۆ ئەوەی لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شێوەی بەرگ و دیکۆری ئەو خانوو و کۆڵانانە و کۆمبارسەکان تێبگەم و لە وەرگێڕانەکەمدا باشتر وێنام بۆ بکرێت.

* ئایا دەکرێت وەرگێڕێک لە هەموو ژانرەکانی وێژەدا کار بکات؟ هەموو بابەتەکانی وەربگێڕێت؟

– دروستیی دەستبردن بۆ هەموو جۆرە دەقێک، پێوەندی بە مەودای ڕۆشنبیری و وشیاری و سەلیقەی کەسی وەرگێڕەوە هەیە. پستۆنەکانی ئوتۆمبێل هێزەکەی بەرجەستە دەکەن! من نە خوێندوومەتەوە و نەبیستوومە، کەسێک بووبێت، تەنیا سەرقاڵی شیعر بووبێت و ئاگای لە بوارەکانی تری پێوەند بە ئەدەبەوە نەبووبێت! خوێنەری ئێستا بۆیشی ڕەخساوە پەل بۆ هەموو ژانرەکانی تر و کۆمەڵگەکانی تریش بکوتێت، ئیدی بۆ دەبێت وەرگێڕ لە ژانرێکدا چڕ ببێتەوە، بۆیە من پێم وایە مادام وەرگێڕ خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی شیاوە، کەوابوو دەتوانێت دەست بۆ ژانرەکانی تری ئەدەبیش ببات! بەڵام لە هەموو بارێکدا وەرگێڕ لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا کار لەسەر وەرگێڕان بکات باشترە.

* کەواتە هەموو وەرگێڕێکی ئەدەبی دەتوانێت شیعریش وەربگێڕێت؟

– هەرچەند وتراویشە: وەرگێڕان لە خۆیدا، ناپاکی کردنە لە دەق! بەڵام ئەوانەی وەرگێڕی ڕاستەقینە بن، دەتوانن شیعریش وەربگێڕن، دەکرێت منێکی کورد، چەندەیش وەرگێڕانەکە سەختتر بێت، شیعرێکی عەرەبی، بۆ کوردی وەربگێڕم، لەبەر ئەم هۆیانە: ئێمەی موسڵمان بە هۆی ئایینەوە و بندەستە بوونمان، تێکەڵێیەکی دەروونی و کولتووریمان لەگەڵ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی هەیە، بۆیە فەلسەفەی ژیان باگراوندی ڕۆشنبیریمان لەگەڵ عارەبان و فارسان و تورکان، لێک نزیکە، بەڵام بۆ شیعری ئینگلیزی و فەڕەنسی و زمانی نەتەوە دوورەکان، بەو جۆرە نییە، کۆتا بڕیاری سەرکەوتوویی وەرگێڕیش، وا بەلای خوێنەرانەوە. ئێ خۆ بواری وەرگێڕانی شیعر، لە بوارە بقەکان نییە!

* ئایا وەرگێڕان ئاست و پلەی هەیە؟

– بەڵێ! بەڵام دیاریکردنی ئاست و پلە لە توانایی ئەندامانی پسپۆڕی لیژنەی تایبەت و دوور لە دەستیاو و خزمخزمێنە و حزب حزبێنەدایە، ئەمەیش لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، نیمچە مەحاڵە!

* هێندێک لە بەناو وەرگێڕەکان، جگە لەوەی کە دەقی یەکەم دەشێوێنن، هەرگیز مانای ڕاستەقینەی دەقەکەیش ناگەیەنن و زمانیش تێک دەدەن! ئایا چۆن دەتوانرێت ڕێگە لەم دەردە بگیرێت؟

– وەڵامی ئەم پرسیارە لە کۆی وەڵامەکانی سەرەوەمدا دەستگیر دەبێت، بەڵام بە کورتی من وا دەکەم: سەرەتا دەقەکە هەمووی دەخوێنمەوە. دواتر چەند جارێک کۆپلەیەک دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بە جوانی تێی بگەم، ئەگەر وشەیەکی تێدا بوو گومانم لە واتاکەی هەبوو، فەرهەنگی بۆ دەگەڕێم، کە کەوتمە نووسینەوەی وەرگێڕانەکەی، ئاگام لە سەرەتا و کۆتایی یەک بەیەکی ڕستەکان دەبێت. لە زمانی بۆ وەرگێڕدراودا، وشەیلی شیاو بەکار دەبەم. ئەوەیشم لە بیرە، کە باشترین وەرگێڕان ئەو دەقەیە مرۆڤ لە خوێندنەوەیدا پێی وابێت، کە ئەو دەقە وەرگێڕدراو نییە و زمانی وەرگێڕ خۆیەتی. بوونی ڕەخنەگری ڕژد، لەو کەسانەی لە دەرەوەی شکاندن و سووکایەتیکردن و جنێوفرۆشتن کار دەکەن. بەئاگابوونی پتری داوودەزگایانی چاپ و وەشاندن. ڕۆشنبیرتر بوونی خوێنەران و...تاد ئەمانە کاریگەرترینی ڕێگرەکانن بۆ ڕێگرتن لە وەرگێڕانی لاواز. کێشەی زۆرینەی

وەرگێڕەکانیش نەخوێندنەوە و بێ ئاگاییە لە کتێبە خۆماڵییەکان، نەخوازەڵا کتێبانی ولاتانی دوور. من پێم سەیرە سەرنجەکانی خوێنەران بە هەند وەرناگیرێن! ئاخر دواجار خوێنەرانی کۆمەڵگە خاوەنی دووەمی کتێب و دەقە وەرگێڕدراوەکانن.

* زۆربەی وەرگێڕەکان هەترەشیان لە ڕەخنە چووە! بۆچوونی ئێوە لە بارەی ڕەخنەوە چییە؟

– من بارەکە بەم جۆرە نابینم! ئەگەر وەرگێڕەکان سڵیان لە ڕەخنەگران بکردایەوە، زۆروبۆری لە کتێبەکانی نێو بازاڕدا نەدەبوو! ئاخر لە وەڵامەکانی سەرەوەدا گوتوومە: نەبوونی ڕەخنەگری ئەکادیمی و ڕژد و بێ ئاگایی بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی چاپ و وەشاندن، ڕەوتی ڕۆشنبیریی سست کردووە، ئەگەرنا خوێنەری جددی هەیە.

* قازانجی وەرگێڕان لە مێژووی کورددا چی بووە؟

– ئەگەر وەرگێڕان کارێکی بێ سوود بووایە، ولاتان و نەتەوە جیاوازەکان هێندە بایەخیان بەو بوارە نەدەدا! وەرگێڕان پردی گواستنەوەی شارستانێتی ولاتان و نەتەوەکانیان و کولتوور و نەریتە جۆراوجۆرەکانە. وەرگێڕان پردێکە بە هۆیەوە زانستەکان ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت و هەرەوەز پێک دەهێنێت بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکان و نەتەوە زمان جۆراوجۆرەکان. خۆ بەهۆی بندەستەییمان و نەبوونی حوکمڕانێکی خەمخۆر و بوونە مەیدانی جەنگی سەرومری کوردستانمانەوە، ڕەوتی ژیانمان گەلێک دواکەوتووە، بەڵام ئەوەتا ئاڵوگۆڕەکان بە کۆمەڵگامانەوە دیارە، ئەگەر بە سستیش بێت، وەرگێڕانیش کەموزۆر، ڕۆڵی خۆی بینیوە.

* زۆربەی وەرگێڕەکانی کوردزمان سەرچاوەی کتێبە وەرگێڕدراوەکانیان نانووسن، تەنیا دەنووسن لە فارسییەوە، یان لە عەرەبییەوە، هەیە ئەوەش نانووسێ، ئایا ئەمە خەوش نییە سەرچاوە ناخەنە بەر چاوی خوێنەران و ڕەخنەگران؟

– من ئەم کارەم کردووە و بە ڕەوایشی دەزانم! هەرگیز ڕێک نەکەوتووە ڕۆمانێکم بە وەرگێڕانی تەنیا کەسێک و یەک سەرچاوە وەرگێڕابێت! هەرکەس بێتە سەردانی خۆم و کتێبخانە چکۆلە نزیکەی (١٠٠٠) کتێبییەکەم و چاو بە خانەی سەرچاوەکانی کتێبە وەرگێڕدراوەکانمدا بگێڕێت، دەبینێ: سێ سێتی (الف لیلة ولیلة) و بە سێ چاپی جیاواز و لە سێ ولاتی جیاواز ڕیز کراوە. ڕۆمانی "شەڕ و ئاشتی" بە دوو سێتی چوار بەرگی و دوو وەرگێڕی جیاواز. ڕۆمانی "کۆتەڵی ڕۆژ" بە دوو کتێب و دوو وەرگێڕی جیاواز یەکێکیانم لە کتێبخانەی نەجات نووری"ی چیرۆکنووسەوە وەرگرتووە و سپاسی دەکەم. ڕۆمانی "ترکەی چیاکە" و ڕۆمانی " قومارچی"یش بە هەمان شێوە! ئەوە بێ لە گەرانی بێ وچانم بۆ تەماشاکردنی فیلمی ئەو ڕۆمانانەی کە بەردەستم کەوتوون. ئێستا و لە یەکەم ڕۆژی مانگی نیسانی ئەم ساڵی (٢٠١٨)ەوە، کار لەسەر ڕۆمانی "کرێکارانی دەریا"ی "ڤیکتۆر هۆگۆ" دەکەم. دوو کتێبی وەرگێڕدراوی بۆ عەرەبیم لە بەر دەستدایە. یەکێکیان بە وەرگێڕانی "عصام البدري" یە و لە ساڵی (٢٠١٤)دا لە ئەردەن چاپ کراوە. چاپەکەی تریشی بە وەرگێڕانی "ڕەمەزان لاوەند"ە و لە "سەلتەنەی عومان/ مەسقەت" ساڵی (٢٠٠٧) چاپ بووە و گەورە زانای فەرهەنگ "مونیر بەعلەبەکی" پێداچوونەوەی بۆ کردووە. من بە ڕەوای نابینم دەقەکان دوو وەرگێڕ خاوەنی بن و من یەکێکیان بنووسم. ئەمە بێ لەوەی کە وەرگێڕی ڕاستەقینە جاروبار پەنا بۆ وەرگێڕانی هەمان دەق بە زمانەکانی تر دەبات، با ڕەخنەگران و خوێنەرانیش هێندە نەرمەقووت خۆر نەبن و کەمێک خۆیان ماندوو بکەن، بۆیە من ئەم نەنووسینی ناوی وەرگێڕانە بە خەوش نابینم.

* پێوەری وەرگێڕی باش و خراپ بە پێی زمانەکانی یەکەم و دووەمە، یان ئەو بابەتەی هەڵی دەبژێرێت؟

– سەرەتا تواناییەکانی وەرگێڕم دیاری کرد و پاتەی ناکەمەوە، بەڵام هێندە دەڵێم سێ کوچکەی دەق و فرە سەرچاوەیی و بلیمەتی وەرگێڕ، کەسی خاوەن دەقی بۆ وەرگێڕدراو دەخاتە بەردەم کێرڤی ئەو پێوەرەوە، ئەمە ئەگەر پێوەرەکە خۆیشی، بوونی هەبێت. ئاخر دەبێت ئێمە ئاستی خوێنەریش بە هەند وەربگرین.

* چۆن وەرگێڕ دەتوانێت چێژی بەرهەمی بیانی، بە خوێنەر بگەیەنێت؟

– ئەو دەمەی وەرگێڕ توانی کۆی دەقەکە بە گشتگیری هەست پێ بکات و لە پێشدا خۆی، کۆپلە بە کۆپلەی ئەو دەقە تێ بگات و شتێک لە فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگای ئەو نووسەری دەقە بزانێت و کەموزۆر ئاگای لە کولتووری نووسەرەکە بێت! خۆ گەشتکردن بەو شوێن و ناو کۆمەڵگەیەدا، کە نووسەر کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی لێوە هەڵ هێنجاوە: بڕێکی باش لە چێژی دەقەکە لە ون

بوون دەپارێزێت. "ماریۆ بارگاس یۆسا" هەر زوو هەستی بە کاریگەری گەشت کردووە بەسەر ئەو ڕۆمانانەی کە نووسیویەتی و پشتەکۆڵەی لە پشت ناوە، چەندان جار گەشتی خۆی کردووە، تەنانەت لە گەشتێکیدا و لەم دواییانەدا، گەیشتووەتە شاری سلێمانی و بە خۆی و کۆڵەپشتەکەوە، پیاسەی شەقامی مەولەویشی کردووە! یەکێک لە ڕۆمانەکانی ئەم کەڵەنووسەرە، (کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار)ـە و خۆم وەرمگێڕاوە و ئێستا بەردەستە، بەڵام لە هەرێمێکی ئابووری داڕووخاوی خلتەی جەنگ و ئاڵۆزی وەک خۆماندا، نیمچە مەحاڵە زۆرینەی وەرگێڕەکان ئەم هەلانەیان بۆ بڕەخسێت.

* ئایا قورسترین وەرگێڕان کامەیە؟

– قورسترین وەرگێڕان بە لای منەوە، دەقە فەلسەفی و بیردۆزەکان و شیعرەکانن! هەڵبەتە لە دیدگەی خۆمەوە و بە گوێرەی سەلیقەی خۆم، ئەو بەشانە بە سەخت دەبینم. کۆمەڵگەیەکی بە ڕەچەڵەک کشتوکاڵی و وڵاتێکی بە گۆڕەپانی جەنگ بوو، نەتەوەیەکی بندەستە، زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە جیهانییەکانی خۆی لە کوێ بێنێت؟ هەرێمی ئێمە وەک قەتەر و کوێ و کوێ، نە سەرەڕێی بازرگانی بووە، نە چەند سەدەیەک ئاسوودەییمان بە خۆوە دیوە، تا زانایەیلێکمان تێدا هەڵبکەوێت و بەرهەمە فەلسەفەیەکانمان بۆ نەماوەتەوە! تەنانەت کەلەپوور و پاشماوەکانیشمان، چەندان جار فەرهوود کراون، بۆ چەند سەدەیەکی ئارامان گەرەکە تا لەو ڕووانەیشەوە ببووژێینەوە. دواجار خۆ ناکرێت ئەو بوارە سەختانەیش پشتگوێ بخرێن و وا باشترە کەسانی پسپۆڕی ئەکادیمیش بێنە پیشەوە و چاوەڕوانی سوودیش نەبن لەم پیشەی وەرگێڕانە.

* بەگشتی لە زمانی کوردیدا ئێستا وەرگێڕان زۆرترە لە دەقی خۆماڵی، چونکە نووسینی خۆماڵی چاپ ناکرێ، ئاوڕ لە نووسەرانی گەنج نادرێتەوە، دەگوترێ ئەو بوارەیش زۆری و بۆری تێکەوتووە و دەزگاکان ڕەچاوی بەرهەمی باش ناکەن و کتێبخانەی کوردی شێواوە، تێبینی ئێوە لەو ڕووەوە چییە؟

– من پێم وایە نەبوونی دەقی ئاست بەرز بەهۆی نەبوونی نووسەری ڕاستگۆوەیە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ نووسەرە باشەکان. ئاخر تۆلستۆی لە شاکاری "شەڕ و ئاشتی"دا ناوی یەک بە یەکی سەرکردە شکستخواردووەکانی سوپای ڕووسی خستووەتە ئەم ڕۆمانەوە! بێ باکانە پاڵەوانە ترسنۆکەکانی وەسف کردووە! بەڵام لە ڕۆمانی سەگوەڕی "محەمەد موکری"دا شتێکی کەم لەم ڕاستگۆییە هەبوو، کەچی بە هۆیەوە، ئەگەر مام جەلال فریای نەکەوتایە و پێشەکی بۆ چاپی دواتری ئەو ڕۆمانە نەنووسیبایە، ڕۆماننووس "محەمەد موکری" تیرۆر کرابوو! لە کۆمەڵگای کوردیدا یاسا سەروەر نییە، دادگا خاوەن چەکوشی خۆی نییە، ئەگەرنا کوردانیش خاوەنی دەیان و دەیان کەڵەنووسەرن! ئەمەیش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونی دەقی خۆماڵی و کتێبی کوردی، نەمانی ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیرییش هۆیەکی تری ئەم کارەساتەیە. نابێت نووسەرانی گەنجیش چاوەڕوانی بەزەیی بازرگانانی کتێب بن! پێویستە بە تۆکمەیی خۆیان و بەرهەمەکانیان بوونی خۆیان بسەپێنن.

* بەرهەمی نوێی ئێوە چییە، تا بیخەنە کتێبخانەی کوردییەوە؟

– لە یەکەم ڕۆژی مانگی نیسانی (٢٠١٨)ـەوە، سەرقاڵی وەرگێڕانی "کرێکارانی دەریا"م، تا ئێستا نزیکەی (٢٦٠) لاپەڕەیەکم، لە کۆی نزیکەی (٤٠٠) لاپەڕە، کردووەتە کوردی، بۆیەیش دەڵێم نزیکە، چونکە کار لەسەر دوو کتێبی وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی دەکەم، کە لە ڕووی قەبارەی لاپەڕەکانیانەوە جیاوازن. وەرگێڕانێکیان بە خامەی "ڕەمەزان لاوەند"ـە و لە کۆمپیوتەرەکەمدایە، لە "سەڵتەنەی عومان/ مەسقەت" ساڵی (٢٠٠٧) چاپ بووە، گەورە زانای فەرهەنگ "مونیر بەعلەبەکی" پێداچوونەوەی بۆ کردووە. کتێبی دووەمی (عمال البحر)یش بە وەرگێڕانی "عصام البدري"یە و لە ساڵی (٢٠١٤)دا لە ئەردەن چاپ کراوە. دەمەوێت ئەوەیش بڵێم کە یەکێک لەم وەرگێڕانەی عەرەب، بەشێکی لەم "ڕۆمانی کریکارانی دەریا"یەی هەر بە بێ هۆ وێڵ کردووە و وەری نەگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی! بۆیە لێرەدا دەمەوێت بیری وەرگێڕە بەڕێزەکانی خۆمانی بخەمەوە: وەرگێڕان لە یەک سەرچاوەوە و بە خامەی یەک وەرگێڕ، لە خۆیدا کارێکی نیوەچڵە!